www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا  28-5-2006 17:01

## لەسلێمانی باندێکی تلیاک فرۆش دەست گیر دەکرێت، کەبەشێکی زۆریان هونەرمەندانی ناسراون

ئەردین – سلێمانی: تایبەت بە كوردستان نێت
بەپێی ئەو هەوالانەی کەلەنێو شاری سلێمانیدا بڵاو بۆتەوە گروپێك بەتۆمەتی مامەلەکردن بەمادەبێهۆش کەرەکانەوە دەستگیر دەکراون.
هەواڵە کە لە ناو شەقامەکانی سلێمانی مقۆ مقۆی لەسەر دەکرێت، ئەوەیە کەبەشێك لەدەستگیرکراوەکان هونەرمەندانی ناسراوی شاری سلێمانین لە و ناوانەی کەباس دەکرێت هونەرمەند میدیا حسین - بەختیار سالح و 4 هونەرمەندیکەیە. ئەوەی شایەنی باسە تائیستا هیچ لا یەنێکی بەر پرس لەشاری سلێمانی تەئکیدی ئەم هەوالەی نەکردۆتەوە بەڵام بەپێی ئەو هەواڵانەی کە دزیەن کردۆتە ناو خەڵکەوە تەئکید لەوە دە کرێتەوە کە لەئێوارەی پێنج شەمە رێکەوتی 25 /5 /2006 گروپێکی دە کەسی کە شەشیان هونەرمەندن بەو تۆمەتە دەست گیر کراون.

هاوکارانی كوردستان نێت لە شاری سلێمانی ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان لەڕیگای دەزگا بەرپرسەکان وە ڕاستی و دروستی هەوالەکە بزانن.